گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان و سەروەری دەوڵەتی عێراق دوای 2005 تا 2022

**پ.د.صالح عمر عیسی**
کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر, هەریمی کوردستان ,عێراق
salih.issa@su.edu.krd

**سەیران محمد صالح**
بەشی زانستەسیاسیەکان، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ، عێراق
sayran.saleem@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٨/٢٠
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٩/١١
بڵاو کردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Political Tension, Sovereignty of state, Irag, Hashdi Shabbi, Corruption, Democracy, ISIS*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.10

**پوختە**

ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق دوای چەندین ساڵ حوکمڕانی، لە ئەنجامی هێرشی داگیرکاری هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەرفەتێك بۆ گۆڕین و بەدیهێنانی میکانیزمێکی گونجاو و پەرەپێدانی عێراقی نوێ و دیموکراسی بۆ کۆمەلگا و دەسەڵاتدارانی نوێ رەخساند. بە دەسەڵات گەیشتنی پێکهاتەی شیعە و کورد ، وە لە ئەنجامی پەراوێزخستنی پێکهاتەی سونە ، سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان لە دوای رووخانی رژێمی سەددام حسین بوو، باس لە ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان دەکەین کە پەرەسەندنی ململانێ ئاینی و نەتەوەیی چۆن کاریگەریان لەسەرلاوازی سەروەری دەوڵەتی عێراق دروست کردووە. گرنگی توێژینەوە ئەوەیە کە گۆشە نیگای شاراوە و نادیار روون دەکاتەوە لە دووبارە بوونەوەی ململانێ پێکهاتەیی و ناوخۆیی لە عێراق، فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ دەستنیشان کردن و تێگەیشتن لە پرسە ناوخۆییەکان و هەروەها سیاسەتێکی گشتگیر و نەتەوەیی پەیرەو بکرێت. گریمانەی توێژینەوە ئەوەیە کە ململانێی سیاسی ناوخۆیی نێوان پێکهاتەکانی عێراق هۆکاری ئەوەیە کە ببێتە دەولەتێکی شکستخواردوو، کە دەرئەنجامەکەی

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەری نەرینی لە سەر شکست و لاوازی سەروەری دەولەتی نیشتمانی عێراق دروست کردووە. مێتودی توێژینەوە مێتودێکی وەسفی شیکاری ناوەروکە، کە بە شێوەی هۆ و دەرهاوێشتە، گۆراوی سەربەخۆ( ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان) کاریگەری لە سەر گۆراوی وابەستە( سەروەری دەوڵەتی عێراق ) دروست کردووە . داتاکانی توێژینەوە لە رێگای گۆڤاری زانستی و پەرتۆکخانە و ئینترنێت کۆکراینەوەو و هەلسەنگاندنی داتاکان لەسەر بنەمای تیۆری دەوڵەتی شکستخواردوو ئەنجام دراوە. لە دەرئەنجام دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ململانێی نێوان پێکهاتەکان هۆکاری لاوازی و ناکارامەیی دامەزراوەکانی نیشتمانی وبێتوانایی دامەزراوەکان لە جێبەجێکردنی ئەرکی تایبەت و بەرژەوەندی گشتی و شکستی پرۆسەی دیمۆکراسی و گەندەڵی و هەروەها سەرهەڵدانی میلیشیا جیاوازەکان کە دەسەڵاتیان سەروی دەسەلاتی دەوڵەتە و کاریگەرییان لە سەرلاوازی سەروەری دەوڵەتی عێراق لە دوای 2005 دروست کردووە.

## پێشەکی:

بەشێک لە کێشەکانی دەوڵەتی عێراق بەدرێژایی مێژووی دامەزراندنی و تەنانەت لە دوای هێرشی ئەمریکا لە سالی 2003 دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی وهەڵەکردن لە بونیادنانی پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوە و نەبوونی شوناسێکی یەکگرتوو و نیشتمانی لە عێراق. عێراقییەکان هەرگیز نەیانتوانی لەژێر ئاڵای ئەم وڵاتە بە کۆدەنگی بگەن . مێژووی عێراق، مێژووی سەرکوتکردن و ململانێی نەتەوەیی–ئاینی بووە و مێژووی سیاسی عێراق نیشان دەدات کە پابەند نەبوون بە ڕێسا دیموکراسییەکان بوونی هەبووە و تاکۆ ئێستا لە نێوان هێزە جیاوازەکان بەردەوامی هەیە . قۆناغی دوای هێرشی ئەمریکا و پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراق دوای 2003 ،هۆکاری دووبارە سەرهەڵدانی ململانێ و ناکۆکی نێوان پێکهاتەکان بووە بە شێوەیەك کە پێکهاتەی شیعە رەزامەندی خۆی دەربڕی لە ئاست ئەو بارۆدۆخەی کە رەخساوە، پێکهاتەی سوننە دژی پێکهێنانی حکومەتی نوێ بوو و پێکهاتەی کورد بیریان لە

بەدیهێنانی ئامانجەکەیان، سەربەخۆیی کوردستان دەکردەوە. لەم دۆخەدا جارێکی ترعێراق بوو بە گۆڕەپانی ململانێی نەتەوەیی و ئاینی، کە ناسنامەی نەتەوەیی عێراق لەژێر سایەی شوناسی نەتەوەیی-ئاینیدا پەراوێزخرا. لێرەدا باس لە کاریگەرییەکانی ململانێی سیاسی ناوخۆیی لە سەر سەروەری دەوڵەتی عێراق دەکەین.

ئامانجی سەرەکی تۆێژینەوە ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی شکست و لاوازی سەروەری دەوڵەت لە دوای رووخانی سەدام حسین لە عێراقە و پرسیاری توێژینەوە ئەوەیە کە ململانێ سیاسیە ناوخۆییەکان چ کاریگەریان لە سەر سەروەری دەوڵەتی عێراق دروست کردووە ؟ کومەڵێك تۆێژینەوە بەردەستە، باس لە گیروگرفتی چەند رەهەندی کە دوای رۆخانی سەدام حسین دروست بوون دەکات کە لە چوارچێوەی پرس و گرفتە ناوخۆییەکانی عیراقە بریتین لە :

رەنج عەلائەدین، لە پەرتوکێ لە ساڵی 2018 (تایەفە گەری، حوکمڕانی و ئایندەی عێراق) لە ساڵی 2018 باس لە کێشە و گرفت و ئالنگارییانە کە لە سەردەمی دوای سەدام هاتووتە ئارا دەکات . رەنج عەلائەدین پێ وایە، بزوێنەری سەرەکی شکست و ناسەقامگیری لە دوای سەدام ، چڕبووونەوە و سەرهەڵدانی سیاسەتی تایەفییە کە هۆکاری سەرەکی لاوازی و شکستی حکومەت لە بەرەوپێش بردنی کاروچالاکییەکان بووە . نەبوونی حکومەتێکی کارامە و کۆمەڵگایەکی مەدەنی لاواز ، جیاوازی ناسنامەیی و بێتوانایی لە دروست کردنی دامەزراوەکان ... چەند هۆکارێکی سەرەکین کە لە دید و بۆچوونی نووسەر ڕۆلی تێکدەرانەیان لە چڕکردنی تایەفەگەری و توندوتیژی تایەفی هەیە .

رافائل دیزرائیلی لە پەرتوکی (شەڕی عێراق و کاریگەری لە سەر شیعە و کورد و سوننە) نووسەر باس لە هێرشی داگیرکاری ئەمریکا و کاریگەری شاراوەی ئەم شەڕە دەکات، لەو بڕوایەدایە کە ئەم شەڕە پەیوەندییەکانی دەسەلات لە ناوخۆی عێراق تێکداوە و دەبێتە هۆی درووست بوونی کۆمەڵێك توندوتیژی و ئاژاوە لە نێوان پێکهاتەکان وەك سوننە و شیعە و کورد کە هەژمووونی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەمریکا لە رێگای دروست کردنی میکانیزمی یاسایی لە کۆمەڵگەی عێراق وەك پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان توانای کەمکردنەوەی گرژییەکان و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەیە .

ســتیفان ولف، لە ســاڵی 2011 لە وتارێکدا بە ناونیشــانی ( پێکهێنانی دەوڵەت لە وڵاتانی دوای ململانێ) لاوازی ئەو وڵاتانە بە نەبوونی دەستووری گشتی و کارامە دەبێنێت، کە سەرجەم گروپە ناکۆکەکان لەخۆ دەگرێت .

خلیل الله ســەردارنیا، لە وتارێکدا، بە ناونیشــانی (عێراق ، بەردەوام بوونی توندوتیژی و خەونی دیموکراسـی : شـیکارییەکی چەند ڕەهەندییە)گرنگترین هۆکارەکانی بەردەوامی توندوتیژی لە عێڕاق دوای سەدام لە ئەنجامی چەند فاکتەرێکدا بینیوە :1- قەیرانی ناسنامە ، یەکپارچەیی و دانپیدانانی( شـەرعیەت) 2- بناغەی نادیموکراتی و ناشـارسـتانی ، حزبەکان و دابەش بوونی گروپی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی . 3- بێتوانایی حکومەتی لاواز و شـکسـتخواردوو لە بەدیهێنانی حوکمرانیەکی باش . 4- درێژەدان و بەردەوام بوونی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە مامەڵەی توند لە گەڵ خەڵك .

**١_ چوارچێوەی تیۆری دەوڵەتی شکستخواردوو**

تیۆری دەوڵەتی شکستخواردوو، لەم ساڵانەی دواییدا پێگەیەکی تایبەتی لە دەرخستنی کێشە وگرفتی پێکهاتەیی لە کۆمەڵگاکانی خاوەن ململانێ و ئەو دەوڵەتانەی کە لە قۆناغی دوای ململانێدان هەبووە . ئەم دەستەواژەیە چەمکێکی گشتی و سادەیە بۆ ئاشکراکردنی دەوڵەتانی بێدەسەڵات کە بە بەردەوامی گیرۆدەی شەڕن،لە سەردەمی دوای شەڕی سارد خرایەڕووو زۆربەی جار ئاماژە بە وڵاتانی جیهانی سێیەمی کردووە کە لە دابین کردنی ئاسایش و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان ڕووبەڕووی ژمارەیەك کێشە و گرفت بوونەتەوە.

سەرەتای سەدەی نوێی زاینی و دوابەدوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ وڵاتانی ئەفغانستان و عێراق و شۆڕشەکانی ناسراو بە هۆشیاری ئیسلامی، تیۆری دەوڵەتی شکستخواردوو بە شێوەیەکی بەرچاوتر فۆکس خرایە سەر کە بووە جێگای بایەخ و سەرنجی توێژەرانی بواری زانستی سیاسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی . ئەم تیۆریە بووە هۆی زیاتر ڕۆنکردنەوەی هۆکارەکانی شکستی دەوڵەت- نەتەوە و حوکمڕانی لە کومەڵگای خاوەن ململانێ کە بە لەبەرچاوگرتنی کێشە پێکهاتەییەکانی دەولەت هەوڵێ پێشکەشکردنی دیدێکی نوێ و چوارچێوەیەکی جیاواز دەدرێت، تا بتوانێت هۆکارەکانی شکستی دەوڵەت لەڕوانگەیەکی نوێ بەدواداچوونی بۆ بکرێت. بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرییە لە سەر بنەمای

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گریمانەکان دامەزراوە . توانای دەوڵەت لە سەپاندنی یاسا پەسەندکراوەکانی وڵات، قۆرخکاری هێز لەسەر خاکی سەربەخۆ، دابینکردنی کەل وپەلی گشتی، ژینگەیەکی ئارام و سەقامگیر بۆ هاووڵاتیان، کۆکردنەوەی هاولاتیین و بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە مەبەستی وەبەرهێنان و قبووڵکردنی شەرعیەت لە لایەن هاووڵاتیان دانی پێدادەنێن.

دەوڵەت کە توانا و لێهاتوو نەبێت، بە شێوەی کرداری دەسەڵات و سەروەری خۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکان لەدەستدەداو وەك دەوڵەتێکی شکستخواردوو هەژمار دەکرێت. دەوڵەتێ شکستخواردوو لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان وەك دیاردەیەکی نائاسـایی هەژمار دەکرێت کە ڕەنگدانەوەیەکی قەرەبوو نەکراوی لەسەر ناوچەی دەوروبەری خۆی و سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەبێت.

تێوری دەوڵەتی شکستخواردوو بۆ تێگەیشتن لە کێشەی پێکهاتەیی لە کۆمەڵگاکانی تازە گەشەسەندوو و دواکەوتوو پێویستە، کە توانای دەرخستنی لایەنی شاراوەی هەیە کە کاریگەری بە سەر لاوازی سەروەری دەوڵەتی عێراق دروست دەکەن وە یارمەتیدەرن لە پێشکەشکردنی ڕێگا چارە و زاڵبوون بە سەر گیروگرفتەکان.

ئەو وڵاتـانەی کـە لـە قۆنـاغی گواسـتنەوەن، زۆربـەیان ڕێـرەوی گۆڕانکـاری و حوکمڕانیـەکی لاواز و خراپیـان تێپەڕانـدووە ،بـۆ نموونـە عێـراق. ئەم وڵاتە ڕووبەڕووی تەنـگەژەی بنـەرەتی و یـەك لـە دواییـەکی سیاسـی، کۆمەڵایەتی، ئـابوری و ئاسایشـی بـووە، کە کاریگەرییـەکی بەرچـاو لەسـەر ئاسـتی سـەقامگیری و حـوکمڕانی بـاش و پێشـکەوتنی پرۆسـەی بونیادنـانی دەوڵەت-نەتەوە هەیـە. هەرچەنـد لە سـەردەمی دوای سـەدام،عێراق ڕووبـەڕووی بـارودۆخێکی نـوێ وڕێکەوتنێکـی سیاسـی هەمەلایەنـە بـۆ سـەر لە نـوێ دامەزرانـدن و بونیادنـانی حکـوومەتێکی نـوێ هـات و سـەرەڕای هـەبوونی ئەم ڕێکەوتـنە سیاسیە،پرۆسـەی چاکسـازی ئـابوری و دابەشـکردنی سـامان و دەسـەڵات بەشـێوەیەك نـەبوو کـە کـۆدەنگی هەمەلایەنە دروست ببێـت و کیشـەی پێکهاتەکـان لە عێـراق زۆر بە خێرایـی ڕووی ڕاسـتەقینەی خـۆی بەدەرخسـت کـە دەوڵەت و دامەزراوەکـانی دەوڵـەت بـبن بە ئامـانجی سـەرەکی هێرشـی هێـزە سیاسـیەکان.

لێرەدا باس لە نیشانەکانی دەوڵەتی شکستخواردوو دەکەین:

1 -دەوڵەتی شکستخواردوو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هێزی سەربازی خۆی نییە، ئەمەش دەرفەت بە

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گروپە چەکدارەکان دەدات تاکوو توانای مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سەربازی لە ناو کۆمەڵگا و ولاتانی تر بگرنە دەست و بۆ بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی لایەنەکانی سیاسی کار بکەن.

2 -دەوڵەتە شکستخواردووەکان بە هۆکاری ئەو مەرجانەی کە هەیانە، کارلێکی نێودەوڵەتی و لۆجیکی قەیراناوییان لە پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانی خۆیدا هەیە. ڕۆبێرت جاکسۆن، پێی وایە ئەم دەوڵەتانە توانای چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەیان نیە کە بە هۆی بارودۆخی خۆیانەوە دروست دەبێت، بۆیە بەردەوام، پشت بە دەسەڵاتی باڵا دەبەستن و دەبن بە مۆدێلی ململانێ.(Jackson, Robert 1993).

3 -ئەم دەوڵەتانە بێبایەخن لەئاست پابەندبووونەکانیان بەرامبەر بە خەڵك و ئەکتەرە نافەرمیەکانی تربۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانیان و تادێت کارامەیی و تواناکانیان وەك ئاماژەیەك بۆ دابینکردنی بەها سیاسیەکان ( ئاسایش وەك گرنگترین ئەرکی سیاسی) و جێبەجێکاری لە ئەرکەکانی دەوڵەت-نەتەوە لە جیهانی مۆدێرن لەدەست دەدەن، هاووڵاتیان وردە وردە گرنگی بە گروپە لاوەکیەکان وەك سەرچاوەی تایبەتی دابینکردنی پێداویستی سەرەتایی، وەك ئاسایش و دەرفەتی ئابوری دەدەن ودڵسۆزییان بۆ گروپە لاوەکیەکان جێگەی پاڵپشتیکردنیان بۆ دەوڵەت دەگرێتەوە. سەرهەڵدانی ئەم بارودۆخە ئاماژەیە بۆ کۆکردنەوەی هێزی تێکدەر، زاڵبوونی کارەکتەری نادەوڵەتی، نەبوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی،کە زەمینەی گونجاو بۆ سەرهەڵدانی گرۆپی تیرۆریستی دەڕەخسێنێ (Rutberg.2003:P1-24).

4 -دەوڵەتە شکستخواردووەکان خاوەن کۆمەڵگایەکی مەدەنی لاواز و پێکهاتەی دامەزراوەیی گەشەنەکراون. ئەم بارودۆخە شیکاری بۆ بوارەکانی کۆنترۆڵ کردنی ململانێ سیاسییەکان لەم کۆمەڵگایانەدا دەکات. هوارد تیفانی : بێتوانایی لە ئاستێکی وەهادا دەتوانێت زەمینە بۆ داڕمانی یاسا و سیستەم لەم دەوڵەتانەدا بەدی بهێنێت و بوار بۆ سەرهەڵدانی جوداخوازی و شەڕی ناوخۆیی دروست بکات (Howard, Tiffany, 2014).

5-ناکارامەیی دامەزراوەی سـیاسـی و جێبەجێکارییە یاسـاییەکان پێکهاتەیەکی دیکەی دەوڵەتە شکستخواردووەکانن. ئەم دەوڵەتانە زۆرجار سیستەمی سیاسی دەسەڵاتدارییان هەیەکە لە لایەن دیکتاتۆرێکەوە بەڕێوە دەچێت. لەم کۆمەڵگایانەدا، دامەزراوە سیاسیەکان لە ئەنجامی سیاسەت و

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردەوەی دیکتاتۆری دژ بەنەتەوەکانن. بۆیە قەیرانی ناسـنامەی نەتەوەیی لەم دەوڵەتانەدا بەرچاوە. زۆربەی ئەم وڵاتانە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی ڕەچەڵەک(باڵادەستی خێڵەکی یان بنەماڵەیەك لە پێکهاتەی سیاسی)،کە ناسیۆنالیزمی مەدەنی هیچ جێگایەکی دیارکراوی نییە. (You, John. 2011: Pp95-150).

6- نیشانەیەکی دیکەی دەوڵەتی شکستخواردوو، ناسەقامگیری ئابووری و بێتوانایی لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی ئابوورییە. بانکی نێودەوڵەتی ئەم جۆرە دەوڵەتانە بە "وڵاتانی کەم داهات " ناودەبات. بە هۆی خراپتربوونی هەژاری لەم وڵاتانەدا، بانکی نێودەوڵەتی ئەم وڵاتانە دەخاتە دۆخێکەوە کە مەترسی تۆڕە تیرۆریستیەکان، زیادبوونی ناکۆکی چەکداری ناوخۆیی و سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە گوازراوەکانیان تێدا هەبێت(کاظمی، حجت. ١٣٩٥: ل١٤٦-١٧٢).بە بۆچوونی جاکسۆن، ئەم دەوڵەتانە ناتوانن لە چوارچێوەی سیستەمی ئانارشیزمی دەوڵەتە سەقامگیرەکاندا کاربکەن ، کەبارودۆخی ئانارشیزمەکان بە گوێرەی بارۆدۆخی خۆیان خراپتر دەکات و لەم روانگەیەوە هەڕەشە بۆسەر دراوسێ هەرێمیەکان و سیستەمی نێودەوڵەتی دروست دەکەن چۆن توانای کۆنترۆڵکردنی توندوتیژییان نییە و لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە شکستیان پێ دەهێنرێت. ئەم گروپانە بەئاسانی چالاکییەکانیان لەم وڵاتانەوە بۆ چەند وڵاتێکی دیکەی ناوچەکە فراوانتردەکەن. جاکسۆن پێی وایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی دەستێوەردانی مرۆیی لەم وڵاتانەدا زیاتر دەستتێوەردانی سەربازیی دەکات، کە دەبێتە هۆی خراپتربوونی دۆخی شکست؛ چونکە بونیادنانی دەوڵەت پرۆسەیەکی ناوخۆییە. دەوڵەتی شکستخواردوو توانای دەستپێکردن و کۆنترۆڵکردنی جەنگی نییە و بە هۆی ئەوەی کۆنترۆڵی لەسەر سنوورەکانی خۆی نییە، ئاسانکاری بۆگروپە تیرۆریستییەکان بۆرۆیشتنیان بۆ وڵاتانی دیکە دەکات. .(RH,jackson. 1990)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-1 نیشانەکانی تری دەوڵەتی شکستخواردوو**

لەڕووی جـــوگرافی و فیـــزیکیەوە بەتەواوی ڵــدوازن و لـــە رووی کرداریـــــەوەڕووبەڕووی چەنـدان بەربەسـتی ئـابووری دەبـنەوە. ئەم وڵاتـانە بەهـۆی نـاکۆکی نـاوخۆیی، کـورت هێـنان لـە بەڕێـوەبردن، سـتەمکاری، هێرشـی دەرەکـی دەنـاڵێنن. ئەم وڵاتـانە پەنـاگەی پـرس و کێشـەی نەتەوەیـی، ئـاینی و زمـانەوانین و تونـدوتیژی لەم جـۆرە کۆمەڵگایـانە بـوونی هەیـە. ئاسـتی بەرتیـل و گەنـدەڵی لەم وڵاتـانەدا بەرزەکۆمسـیونی دەسـپاکی عێـراق ئامـاژە بـە 10 مليـار گەنـدەلی لـە نێـوان سـاڵانی 2009 تـا 2019 دەکـات . لـە پێوەرەکـانی گەنـدەڵی ڕیکخـراوی شـــەفافیەتی نیودەوڵـــەتی، عێـــراق لـــە ســـاڵی 2020 لـــە کـــۆی 180 وڵاتـــدا پلـــەی 160ی بەدەستهێناوە . .(Rutberg, Robert. 2009: Pp 5-10).

**٢ _پەرەسەندنی ململانێ ئایینی و نەتەوەیی**

ئەمریکا سیاسەتێکی جیاواز وەك دابەشکاری سیستەم لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و ئاینی لە عێراقی نوێدا دروست کرد. گەندەڵی حکومەت و پەراوێزخستنی پێکهاتەیەکی دیاریکراو لە عێراق، هۆکاری لێکترازانی کۆمەڵگای عێراق لەسەر بنەمای هێڵە تایەفیەکان بوو. گۆڕینی دەسەڵات لە سوننە، بۆ شیعە و کورد بووە هۆی دروستبوونی گرژی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگای عێراقی، کە هەڕەشە لە بێتوانایی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی دەکات .

**١_٢ _لێکترازانی ئایینی(شیعە و سوننە)**

ململانێ ئاینیەکان لە عێراق رەگ و ریشـــەیەکی مێژوویيان هەیە، باڵا دەســـتی عەرەبی ســـوننە وســـەرکۆتکردنی پێکهاتەی شـیعە لە پێکهاتەی سـیاسـی حکومەت، جەختکردن لە سـەر ناسـنامەی عەرەبی و سوننە، هەوڵی پەراوێز خستنی پێکهاتەی شیعەیان لە دەسەڵات دا :(Kukis, M., 2011: Pp83-100). سـیاسـەتی تایەفەگەری لە ماوەی حوکمرانی حزبی بەعس توندتر کرا ، سـیاسـەتی لەناوبردن و جیاکاری ئاینی و سیاسی گەیشتە لوتکە (فولر،گ.، 1382 ص 147).

لە ڕوانگەی جۆڵ مێگدالەوە ، بێردوزی تیوری دەولەتی شکستخواردوو ، بەردەوامی شکست و لاوازی

سـەروەری لە دەوڵەتانی شـکسـتخواردوو پەیوەندی بە جیاوازی نێوان پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەیی هەیە.دابەش بوونی ئاینی دەبێتە هۆی تیکچوونی یەکگرتوویی و سیستمی کۆمەڵایەتی وە هەروەها تێکچوونی سـەقامگیری و شـەرعییەتی سـیاسـی ، کە ئەمەش لە گرژی و ململانێ سـیاسـیەکان لە عێراقی دوای سەدام دا دەبینرێت.(Cordesman. A. H. & Khazei, S. 2012: p8-16)

ململانێی ئاینی بە سـەرەکیترین فاکتەری ململانێ لە عێراق دادەنرێت. رەوایەتی و کارامەیی دەوڵەت دوو بناغەی سـەرەکی دەسـەڵات و هێزی دەوڵەت پێکدەهێنن وە لاواز بوونییان نیشـانەی شکستی دەوڵەتە. ململانێی ئاینی و هێزە سیاسییەکانی سونە لە قبوڵەکردنی سیستەمی نوێی، شەرعیەت و ناکارامەیی حکومەتی خستە مەترسییەوە(عطار سعید، سعیدی راد، آرش و الهام رسولی ثانی ابادی.2018 ; ص١٥٠-١٥١).

ئـەو دیموکراسـییەی کـە لـە لایـەن ئـەمریکا سـەپێنرا بـوو توانـای یـەکگرتنی لایـەنی ئـاینی نـەبوو وە جیـاوازی ئـاینی بـووە هـۆی ئـەوەی کـە لایەنـەکان کلتـووری خۆیـان بـە سـەر لایەنـەکانی تـر بسـەپێنن (Wimmer, A. 2003: p4-3)سـوننەکان بـۆ دووبـارە بەدەسـتهێنانەوەی دەسـەڵات تونـدوتیژییان هـەڵبژارد (Alshinawi, Arsalan. 2003: p3-9) لەڕوانـگەی عەرەبـی سـوننە، داگیرکـاری ئـەمریکا هێشـتا کۆتـایی نەهـاتبوو کـە داگیرکـاری شـیعە جـێگەی گرتـووتەوە وە دروشـمی "بەغـدا لە لایەن شـیعەکانەوە داگیرکـراوە" لەنـاو عەرەبـی سـوننەدا جێـی بـایەخە (اصـفهانی، سـمیعی. و علیرضـا،جعفر نـوروزی نـژاد . ١٣٩٢: ل٩٥-١٢١). حکـومەت لە سـاڵی 2011، 511 کاندیـدی پەرلەمـانی بێـبەش کـرد و بە فەرمـانی دەسـتگیرکردنی تـاریق هاشمی وەك دیارترین سەرکردەی سیاسی عەرەبی سوننە، کێشەکان گەیشتە لووتکە.

ململانێی سوننە و شیعە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە، پرۆسەیەکی بەردەوامی شکستی دەوڵەتە. لەدەستدانی دەسەڵاتی رابردوو، هەژاری چینایەتی، جوگرافیای سوننە و گرنگینەدان بە پێکهاتە ئەمنییەکانی عێراق،بەغدایان بە پیلانگێڕی دژ بە سوننە تۆمەتبارکرد. کەمبوونەوەی شەرعییەت و کارامەیی دەوڵەت وەك دوو فاکتەری سەرەکی سەروەرین، کە لە ژێرکاریگەری ناکۆکی تایەفیەکانی شیعە و سوننە بە مانای شکستی دەوڵەت لە عێراقی دوای سەدام دێت .

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢_٢ لێکترازانی نەتەوەیی کورد وعەرەب**

جۆرە ململانێیەکی ترە کە بەهۆی جیاوازی نەتەوەیی لە عێراق دروست بووە و زۆرترین رۆلی لە ململانێی نێوان هەر دوو نەتەوەی سەرەکی کورد وعەرەبدا هەیە وەلێکترازانی نەتەوەیی بۆ قۆناغی دامەزراندنی عێراقی نوێ دەگەرێتەوە و بە زاڵبوونی عەرەبی سوننە، سیاسەتی سەرکوتکردنی کورد خرایە کارنامەی کاری حکومەت و ناسنامەی کوردی بە رەسمی هەژمار نەکرا. دواتر ململانێی نیوان کورد و عەرەب لە سەردەمی سەدام حسین گەیشتە لوتکە .(Wimmer, A. 2003: p9-11)رووخانی سەدام حسین و ململانێ سەرەتایی بۆ بونیادنانی عێراق و دووبارە بوونەوەی هەڵە نەتەوەییەکان بەردەوام بوو. ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا بە یەکێک لە سیما سەرەکییەکانی ناسەقامگیری و لاوازی سەروەری دەوڵەت لە دوای ٢٠٠٣ دادەنرێت. پرسێك کە کاریگەری لە سەر شکستی دەوڵەت هەبوو قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی بوو کە بەرەنگاری دەوڵەتی عێراق بوو. لاوازی کەسایەتی نەتەوەیی بەرامبەر بە پەیوەندی نەتەوەیی و پەیوەندی سنوردارەکان بە مانای لاوازی لە پێکهاتەی بنەرەتی و سیاسی دەولەتدا دێت(HAKOR, R., 2020. pp.113-124). لێکترازانی کوردی و عەرەبی بە هۆکاری سەرهەڵدانی گروپی میلیشیای دژ بە حکومەت بۆ کە دەسەڵاتی سەربازی دەوڵەتی تێکشکاند و قەیرانی پێکەوەژیانی لە دەوڵەت دروستکرد و چۆن لە رووی کرداری دەوڵەت وەك گروپێکی نەتەوەیی و یەکگرتوو نەبوووە هەروەها نەبوونی یەکگرتوویی نەتەوەیی لێکترازانەکانی زیاتر و شکستی حکومەتی ئاسانتر دەکرد. شکستی عێراق لە شەرِی کەنداو لە ساڵی1991 و دامەزراندن و دان پێنان بە هەرێمی کوردستان بەشێوەی (دیفاکتۆ) کە دواتر لە لایەن دەستووری عێراقی لە ساڵی 2005 بە فەرمی ناسێنرا(Dodge, T., Kaya, Z., and the others. 2018: p11-12).

ناسنامە و شۆناسی تایبەتی کورد و داگیرکاری خاکی کوردستان، بووە هۆی ئەوەی کە کورد مافەکانی خۆێ لە دەرەوەی چوارچێوەی سیستەمی سیاسی ئیستادا ببینێت وە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بدات.(Bellini, M. 2012: p83-100)

دوای لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ عێراق، بەشێك لە نەینەوا و کەرکووك، سەڵاحەددین و دیالە وەك "ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەپێی ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراق دەستنیشان کران، ناکۆکی نێوان کورد و عەرەب ، چارەنووسی نادیاری شاری کەرکوك و ڕێگریکردنی حکومەتی ناوەند لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرسێ قۆناغی (ئاسایی کردنەوە. سەرژمێری.راپرسی) شارە بووە هۆی لاوازی و شکستی دەوڵەتی عێراق(حاجی یوسفی، امیر محمد و حسین زادە، علی رضا. ١٣٩٧: ل48).
بڕیار وابوو لە ساڵی2007، لە ڕێگەی ڕیفراندۆم چارەنووسی ئەم ناوچانە دیاری بکرێت، بەڵام دواخستن و بەرێوەنەبردنی ڕیفراندۆم ، ململانێی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی (حکومەتی فیدراڵ) لە سەرتاسەری ئەم ناوچانەدا دروست کرد-(Bartu, Peter. 2010: Pp 1329-1343) دوای ڕوخانی ڕژێم لە ساڵی2003، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم فراوان کرد. لە هەندێك ناوچە، بە هەماهەنگی هێزی هاوپەیمانی، کۆنترۆڵی ئاسایشی زەمینی درایە پێشمەرگە. حکومەتی فیدراڵی عێراق لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەڵسوکەتەکانی لەگەڵ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم توندترکرد.
سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی2014 و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی2017، گۆڕانکاری لە سروشتی ململانێیەکانی کورد و حکومەتی فیدراڵی دروست کرد. کشانەوەی هێزەکانی فیدڕاڵی لە بەرامبەر هێرشی داعش بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی ئەمنی لە ناوچەکە، دواتر گروپە چەکدارەکان وەك پێشمەرگە وهێزەکانی حەشدی شەعبی، لەڕێگەی ئۆپراسیۆنی ئازادسازی بۆشاییەکانیان پڕ کردەوە (Mansour Renard. And Jabbar Fateh A. 2017: p5-26).
کوردەکان ساڵانی2014-2017 دەستکەوتی گرنگیان بەدەست هێنا و شاری ستراتیژی کەرکوکیان بەتەواوی ئازاد کرد، بەڵام لەگەڵ ڕیفراندۆمی کوردستان، دۆخەکە بە قازانجی حەشدی شەعبی و حکومەتی ناوەندی گۆڕا. لەڕیفراندۆمی ئەیلولی2017دا، لایەنە کوردییەکان گەیشتنە ئەو دەرئەنجامە کە خەڵکی ناوچەکە بە دەنگدان بە سەربەخۆیی تەنانەت دەتوانن بەرەنگاری هەڕەشەکانی حکومەتی فیدراڵی ببنەوە (Morris, Loveday. 2017: p1-2). ساڵی2017، پێکهاتەیەك لە هێزەکانی سوپای عێراق و

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حەشدی شەعبی بەرەوهەرێمی کوردستان جووڵەیان کرد و ناوچە جێناکۆکەکانی کەرکوك و دیالەیان کۆنترۆڵ کرد و هێزە کوردییەکان بۆ ئەو سنوورانەی لە ساڵی2003 دیاری کرابوون پاشەکشەیان کرد، کە نیشاندەرەی لەدەستدانی بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان بوو. ئەم ناوچانە دوای دەستبەسەرداگرتنی دووبارە لە لایەن دەسەڵاتی فیدراڵی، ئێستاگۆرەپانی ململانێی نێوان دامەزراوەکان و گرووپە جۆراوجۆرەکانن، کە سوود لە ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی-تایەفی، هەرەشەی توندوتیژی و زاڵبوون بەسەر دامەزراوەکاندا وەک رێگەیەک بۆ کێبڕکێ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا وەردەگرن.

حزبە کوردیەکان بەغدایان بە هۆکاری سەرپێچی کردنی دەستوور لە پەیوەندی لەگەڵ ئیدارەی وڵات و تەرخانکردنی بودجە و دۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە کەمتەرخەم داناوە .(Hama, H. H. and Jasim, D. 2017: p58)بەتایبەت لە خولی دووەمی دەسەڵاتداری نوری مالیکی وەك سەرۆك وەزیران، دەستگیرکردنی کوردەکان و سیاسەتی ناوەندگەرایی بە پێچەوانەی دەستوور زیاتر بوو. بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دارشتنی ژێرخان و سیاسەتی هەناردەکردنی نەوت، وای کرد نوری مالکی لە ساڵی2014، پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە بودجەی نیشتمانی کە 17% بۆ بە تەواوەتی بڕی.(O'Driscoll, D. 2017: p315-332) گرژییەکان، هۆکاری دروستبوونی ترس و گومانی سەرکردەکانی کورد سەبارەت بە نیازەکانی بەغدا بوو، تەنانەت کاتێك حەیدەر عەبادی هاتە سەر دەسەڵات و بەڵێنی باشترکردنی پەیوەندی نێوان نەتەوەکانی دا، دەسەڵاتدارانی سیاسی کورد گلەییان لە راستی بەشداریکردن لە حکومەتی فیدراڵی کرد .(Hama, H. H. and Jasim, D. 2017: p68)سەرۆکی ئەو کاتی هەرێمی کوردستان مەسعوود بارزانی (2017) وەکوو بەشدارییەکی سەرنەکەوتوو و شکستخواردوو ناوی برد. دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا کە لەژێر دەسەڵاتی شیعەدا بوو وە لە ئاست چاوەڕوانی کورد نەبوو، بەتایبەتی بە هۆی نەبووونی متمانە لە جێبەجێکردنی ئەو برگە دەستوورییانەی کە لە سەری رێککەوتوون و پێداگری لەسەر پێشێلکردنی دەستوور وردە وردە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر خراپترکرد، بە جۆرێك بەغدا

سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتانی بە کـارێکی بێمانـا زانـی و هەرێـم بەشـداری لە حکـومەتی فیـدراڵی بە شکسـتخواردوو دانا (Park, B., Jong Erden, J. P., Outram, F. and Yoshioka, A. 2017: p199-214).

هەرچەندە نەبوونی سـەربەخۆیی کوردسـتان پێکهاتەی کوردی لە کۆمەڵگای عێراقی هێشـتوتەوە، بەڵام بیرۆکەی سـەربەخۆیی تا ئێسـتا بەردەوام و بەهێزە . پەیوەندی هەولێر و بەغدا ئاماژەیە بە جۆرێك لە بێ متمانەیی هاوبەش،کە وەك ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان دوو جەمسـەریسـەرەکی حوکمڕانی لە عێراق ، بەدەستهێنانی سەروەری و یەکبوون لە سیاسەت کردن و بریارداندا ، حکومەتی نیشـتیمانی عێراق ڕووبەڕووی کۆمەڵێـك ئاڵنگاری کردووەتەوە . لێکترازانی نـەتـەوەیی، هۆکاری سـەرهەڵدانی گروپی میلیشـیای دژ بە حکومەتن ، کە دەسـەڵاتی سـەربازی دەوڵەتیان تێکشـکاند و قەیرانی پێکـەوەژیـانیـان لـە دەوڵـەت دروسـتکرد . نەبوونی یـەکگرتوویی نـەتـەوەیی بووە هۆی لێکترازانی حکومەت، کە ئەمە شکستی حکومەتی ئاسانتر دەکرد .(Bellini, M. 2012: p100)

عێراق خاوەنی لێکترازانی نەتەوەییە کە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی توانای چارەسەرکردن و دروست کردنی گۆتارێکی نەتەوەیی گشتگیریان نیە، تایبەتمەندی عێراق لەوەدایە کە هەموو پرۆسەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە سەردەمی دوای سەدام لە ژێر کاریگەری ئەم جۆرە ململانێیانە تێپەردەبێت .

**٣ _لاوازی دامەزراوەکانی نیشتمانی**

بابەتە بەراوردکارییەکانی دیموکراسـی ئەوە نیشـان دەدات کە دوای داگیرکاری، فراوان بوونی دامەزراوە مەدەنییەکان هەمیشـە وەك فاکتەرێکی کاریگەر لە دژی دەسـەڵاتداری و سـەروەری گروپە سیاسییە سـەربازییەکان لە وڵاتدا ڕۆڵ دەبینێت. لە ئەدەبیاتی دەوڵەتی شکسـتخواردو تەندروسـتی دامەزراوەیی بە پاڵنەرێکی سـەرەکی هێز و سـەروەری دەوڵەت دادەنێت. دەوڵەتی شـکسـتخواردو جێگای حکومەتێك دەگرێتەوە کە دامەزراوەکانی سـەربەخۆیی پێویسـتیان نییە و متمانەی خەڵکیان لەدەسـتداوە. دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ خەڵك فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی ژیانی خەڵك و بەدەسـتهێنانی شـەرعییەت، بەڵام لە عێراق مانەوەی دیموکراسـی و پێشـکەوتنی دەوڵەت-

نەتەوە پەیوەســـت بوو بە تواناکانی دامەزراوە مەدەنییەکان بۆ پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزاری بە خەڵك، بۆ ئەوەی ڕۆڵی گرنگی لە دروســـتکردنی پـاڵپشـــتی بۆ حکومەت و بەردەوامی حوکمڕانی دیموکراسی ببینن .

لەگەڵ هاتنی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی2003، و ڕۆخانی رژێمی پێشوو ، دامەزراوەکانی حکومەت هەڵوەشانەوە و کەشێکی ناهەمواری دروست کرد، دامەزراوە حکومیەکان تاڵان کران و لەناو چوون. حکومەتی کاتی (حکومەتی ئیدارەدانی ووڵات بۆ قۆناغی راگوزەری) ،لە پێناو ڕیشەکێش کردنی بەعس، دەستی بە هەڵوەشانەوەی دامەزراکانی حکومەت کرد. حزبی بەعس هەڵوەشایەوە و ئەندامانی پلە باڵای، لە پۆستەکانییان بێبەش کران.(Dodge, Toby. 2013: p241-257)

پێکهێنانی حکومەتی نوێ و بە دەسەڵات گەیشتنی نوری مالیکی وەك سەروك وەزیران، حکومەت سەرەڕای سامانی نەوتی زۆر، لە دروستکردنی ژێرخان و دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست شکستی هێنا و تەنانەت سیاسەتەکانی عێراق ئاراستەیەکی نیگەرانکەری لە هەنگاوەکانی حکومەت بەرەو دەسەڵاتگەرایی نیشان دا.(Cammett, M., 2013: p23) بە شێوەیەك ناڕازی بوون لە لاوازی بەردەوام لە دامەزراوەکان، بێ توانایی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی، بووە هۆی گەندەڵی نێوان دەسەڵاتدارەکان. گەندەڵی یەکێک لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی لاوازی سەروەری حکومەت هەژمار دەکرێت. .(Dodge, Toby. 2013: p241-257)

گەنـــدەڵی حکـــومەت و دەســـەڵاتداری مـــالیکی، بەتـــایبەت لە ســـاڵی2010، کاتێـــك زۆریـــنەی ســـوننەکان لەڕێـــگەی کۆمیســـیۆنی باڵای دادوەری، لە هەڵبـــژاردن بێـــبەش کـــران بـــەرچاوتر بـــوو. تایـــەفەگەری تـــا دێـــت دەبێـــتە تایبەتمەنـــدییەکی ســـەرەکی سیاســـت و ژیـــانی کۆمەڵـــیەتی. بێتوانـــایی دامـــەزراوەکانی دەوڵەت و دەســـەڵاتی ســـەرۆك وەزیـــران لە نـــاو دامەزراوەکـــان، هەڵبـــژاردن و هەڵبژاردنـــی بەرپرســـان لەســـەر بنەمـــای سیســـتەمێکی تایـــەفی دابەش بـــوو ئـــەنجام دەدرێـــت. جێبـــەجێ نـــەکردنی دەســـتوور لـــە عێـــراق هۆکـــاری نـــەبوونی بونیادنـــانی دامەزراوەی کاریگـــەر و مـــافی کەمینەکـــان و باشـــترکردنی ژیـــانی خەڵکـــی بـــوو (Submitter, Brown U., And Melanie Comet.op, Cit. 2014: p23).

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٤ _گەندەڵی و لاوازی سەروەری دەوڵەت**

فاکتەرەی سەرەکی لاوازی سەروەری دەوڵەت لە عێراق، پرسی گەندەڵییە. دوای ڕوخانی دەسەڵاتی سەدام حسین، حکومەتی عێراق هەوڵی دامەزراندنی سەقامگیری سیاسی و ئاسایش و سەروەری یاسای داوە، بەڵام گەندەڵی کێشەیەکی گەورەی وڵات و سکاڵایەکی گەورەی نێو هاوڵاتیانە .

بە شـێوەیەکی گشـتی گەنـدەڵی وەك بابـەتێکی بەربڵاو و رادیکـاڵ لە چوارچێـوەی سیاســی و کۆمەڵایەتیــدا دەبینرێــت. لە پێوەرەکــانی تێڕوانینــی گەنــدەڵی، ڕێکخــراوی شــەفافیەتی نێــودەوڵەتی، عێــراق لە ســاڵی 2020دا لە کــۆی 180 وڵاتــدا پــلەی 160ی بەدەســتهێناوە. گەنـدەڵی پرسـێکە کەدەبێـت بـە خێرایـی چارەسـەر بکرێـت چـۆن کـاریگەری لەسـەرکۆمەڵگا هەیە وەك، خزمەتگــــــوزاری و پەروەردە، تەندروســــــتی و ئـــــــاوەدانکردنەوە... ڕووبەڕووبــوونەوەی گەنــدەڵی پێویســتی بــە گرێبەســتێکی کۆمەڵایەتی بەهێــزو پەرەپێــدانی دامەزراوە و ڕێســای سیاســی گشــتگیر و نــوێنەرایەتی هەیــە کە پاڵپشــتی لــە گەشــەپێدانی بەردەوام بکات.(O'Driscoll, Dylan. And the others. 2022: p22-23)

سەرەرای ئەوەی کە حکومەت هەمیشە بەڵێنی داوە ڕووبەرووی کێشەکانی گەندەڵی وڵات ببنەوە، بەڵام بەڵێنەکان تا ئێستا بزر و کاریگەرنەبوون.هەوڵەکانی چاکسازی بە هۆی دژایەتی بەرچاو، بۆ بەرژەوەندییەکانی زۆرێك لە گروپە سیاسیە بەهێزەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق نەگونجاون وە گەندەڵی لە سیستمی حوکمرانی عێراق لە ساڵی 2003 بوونی خۆی سەلماندووە (Kuoti, Y., 2018). لە عێراق ، دامەزراوەی سیاسی سەرەکی لەسەر بنەمای دڵسۆزی تایەفی پڕدەکرێنەوە ،کە ئامانجیان دڵنیابوونەوە لە نوینەرایەتیەکی سەقامگیر و دادپەروەرانەیە . بەرزترین فەرمانگە لەسەر بنەمای تایەفەگەری پڕ دەکرێنەوە وە ڕەگی قوولی تایەفەگەری بەهێز، بنەمای کیشەکانی گەندەڵی لە عێراقە.(Karam, Patricia. 2020: p202)

بۆشایی دەسەڵات کە بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە دروست بوو، پێکهاتەیەکی نوێی گەندەڵی دروستکرد کە تێیدا دوو شت ڕۆڵیان دەگێرا : یەکەم: تێکچوونی سیستەمی دامەزراوەیی و پەکخستنی هەموو کەرتەکانی بەرهەمهێنان، دووەم: یاسایا دانان بە بێ لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی، بە شێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندی کەسی و حزبەکانیان بکات.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە پێکهاتەی سیاسی و ئابووری عێراقدا، حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی کاریگەر شکستی لە بەرەوپێش بردن و پێشکەوتنی کاروباری وڵات هێنا . تەنانەت لە ئێستادا بە تێروانینی زۆرێك لە شارەزایان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، پێوەری گەندەڵی بژاردەیەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە شکستی حکومەت لە عێراق. بۆنموونە ململانێی سیاسی زلهێزەکانی عێراق کە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکانی حکومەت لە ژێر کاریگەری حوکمرانی حزبی لە بەرژەوەندی حزبەکاندا کار بکەن (Abdel Wahhab Mohammed, 2019: p201)

گەندەڵی بووتە هۆی شکستی دارایی و دەستکەوتەکان و چەندین پرۆژەی حکومەت. ئەوەی دەتوانرێت لە بارەی شکستی حکومەت و کەمبوونی دەسەڵاتی لە پەیوەندی بە پرسی گەندەڵیدا بگوترێت، ئەوەیە کە گەندەڵی زۆرێك لە دامەزراوەکانی عێراقی لە ئەنجامدانی کاری ئەرێنی ئیفلیج کردووە و بەشێکی زۆری سامانی دەوڵەتی عێراق بەم شێوەیە بە فیڕۆ داوە. دوای ساڵی2014 و دزەکردنی گەندەڵی بۆ ناو سوپای عێراق و نەبوونی ئاسایشێکی هەمەلایەنە بە پشتیوانی هاووڵاتیان و قبوولکردنی ئامانجی میلیشیاکان، هەوڵی لاواز کردنی سەروەری حکومەتی نیشتمانی عێراقییان دا

**٥ _سەرهەڵدانی میلیشیاکان لە عێراق**

یەکێك لە گەورەترین کەموکورییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان و حکومەتی نوێی عێراق،بێتوانایی لە کۆنترۆڵکردنی سەرهەڵدانی گروپە میلیشیاکان بوو، کە دواجار عێراقی تووشی توندوتیژی تایەفی کردەوە. هێز و مانەوەی گروپە میلیشیاکان لە کۆمەڵگای دوای ململانێدا بە هۆکارێکی کاریگەر لە لاوازی سەروەری دەوڵەت هەژمار دەکرێت. هەبوونی هێزی میلیشیا،لە نیشانە سەرەکییەکانی شکستی دەوڵەتە، چون بەشێوەیەکی کاریگەر حکومەت لە قۆرخکاری هێز و بەکارهێنانی دووردەخاتەوە و حکومەت ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لە دابینکردنی ئاسایش و سەروەری نیشتمانیدا. دەوڵەتی بەهێز سوپایەکی یەکگرتووی هەیە،بە پێچەوانەی دابەشکردنی سەروەری سەربازی دەوڵەت دێت.عێراقی دوای سەدام، نموونەیەکی سەرەکی ئەو حکومەتەیە کە دەسەڵاتی سەربازی تەواوی نییە وە میلیشیا شیعە و سونەکان لە پێشهات و ڕووداوەکاندا دەستی باڵایان بەسەرحکومەتدا هەبووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێتوانایی حکومەت لە بەردەم گروپە سوننەکان وایکرد ئەو هێزانە بە دەست بەسەرداگرتنی خاك، ئاسایش وخزمەتگوزاری لە ناوچە سوننە نشینەکاندا دابین بکەن. لە سەردەمی دوای داعش، گروپە چەکدارەکانی شیعە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کەرکوك و موسڵ دەسەڵاتیان لە حکومەت سەند. گرنگترین گروپە میلیشیاکان کە بە هۆکاری سەرەکی شکستی حکومەت لە عێراق دادەنرێت بریتین لە:

**١_٥ _دامەزراندنی میلیشیا شیعییەکان 2003 - 2013**

دوای دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی پڕ کەموکوڕی لە عێراق، شیعە وسوننە وەك رێکخراو و میلیشیاکان هەنگاویان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دەسەڵات نا کە بە هۆی ناکارامەیی حکومەت دروستبوو.(Ahmed, M.M., 2010) وسەلماندیان کە هێزێکی مەترسیدارن بۆ ناسەقامگیری و لەدوازی حکومەت، وە دەستیان بە توندوتیژی تایەفی کرد.(Bellini, Melanie. 2012: 89-90)

گرنگترین میلیشیای شیعە سوپای بەدر بوو کە وەك باڵی سەربازی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق (SCIRI) کاری دەکرد. بە خۆحەشاردان لەناو جلوبەرگی فەرمی حکوومی، دەستیان بە چالاکی توندوتیژی لە ناوچە سوننە نشینەکانی عێراق کرد. سوود لە هێزەکانیان بۆپاراستنی ناوچە شیعە نشینەکان لە قاعیدە و گروپەکانی سوننە وەرگرت. جگە لە کردەوەی توندوتیژی، بە دزەکردن بۆ ناو دامودەزگاکانی حکومی تۆمەتبار کران .(Gonzalez, Nathan. 2013: p125)

بە پێچەوانەی سوپای بەدر، سوپای مەهدی دیاردەیەکی تەواو نوێ بوو کە دوای هێرشی ئەمریکا لە ساڵی2003، سەری هەڵدا کە لە خۆبەخشانی شیعەی دانیشتووی ناوچەی سەدر لە بەغدا پێك هاتووە. شارۆچکەی سەدر گەڕەکێکە کە سەید موقتەدا سەدر پاڵپشتی و دەسەڵاتی زۆری تێدا هەیە . بۆیە ئەم خۆبەخشانە بوون بە گروپێکی میلیشیا و دەستیان بە شەڕ و توندوتیژی دژی ئەمریکا و سوننە کرد.(Williams, Phil. 2009: p51) چالاکییەکانی سوپای مەهدی و گروپە میلیشیاکان بووە هۆی توندوتیژی بەرفراوان لە نێوان هاووڵاتیانی مەدەنی لە دژی یەکتر. هێزەکانی ئەمریکا لە ئاست ململانێ میلیشیاکان، سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەیان(divide and rule policy) لە پێوەندی لەگەڵ سوپای بەدر و سوپای مەهدی بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری لە عێراق بەکارهێنا. هەردوو گروپ

توندوتیژیان بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومەت و زیادکردنی شەرعیەتی خۆیان بەکارهێنا (Bellini, Melanie. 2012: p89-9). سوپای بەدر لەڕێگەی باڵی سیاسی خۆی شەرعیەتی زیاتری بەدەست هێنا و لە هەڵبژاردنەکانی نیشتمانی عێراق سەرکەوت. خۆی وەك هێزێکی سیاسی گرنگ ڕاگەیاند و لە ساڵی2007لە هەولێکدا بۆ کەمکردنەوەی دەستێوەردانەکانی پێشوو، وشەی "شۆڕش"ی لە ناوەکەی لابرد و بۆبە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق و هێزەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق لە دژی سوپای مەهدی کرد.

**٥_٢ _حەشدی شەعبی**

پێش سەرهەڵدانی داعش، ڕۆڵی میلیشیاکان وەك پایەی سەرەکی لەدوازی سەروەری و شکستی دەوڵەت ئاماژە پێ کرا. سەردەمی دوای داعش، سەروەری دەوڵەت لەلایەن میلیشیایەکی نوێ رووبەرووی هەڕەشەی شکست بوو. لە هاوینی2014، دوای داگیرکاری شارەکانی عێراق مووسڵ، تکریت و فەلوجە، خەلافەتی خۆی ڕاگەیاند و هەڕەشەی پێشڕەوی بەرەو بەغدای کرد، بارودۆخەکە ئاماژەی بە بێتوانایی سوپای عێراق لە بەرپەرچدانەوەی پێشڕەوییەکانی داعش دەکرد .(Tran, M., & Weaver, M. 2014). لە وەڵامی ئەم هەڕەشانە، ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، فەرمانێکی دەرکرد کە پیاوە بەتواناکان بەژداری هێزی زەمینی سوپا بکەن بۆ پارێزگاری کردن لە وڵات . فەتوای سیستانی زمانی نەتەوەگەرایی لە جیاتی جیهادی ئاینی بەکار دەهێنا .(Cole, J., 2014). کۆمەڵێك گروپی چەکداری نادەوڵەتی بەخێرایی دەرکەوتن و لەژێرئالای هێزەکانی حەشدی شەعبی (PMF) کۆ بوونەوە. هەندێك لە گروپەکان تازە دامەزران، هەندێکی دیکە لە وەڵامی بانگەشەی سیستانی چالاک کراونەتەوە ، هەندێکی تر لەسەر داوای نووری مالیکی سەرۆك وەزیران چالاک بوون و بۆ شەرعییەت سوودیان لە فەتواکەی سیستانی وەرگرت.حەشدی شەعبی سەلماندی کە هاوکات لەگەڵ شەڕی داعش، بەشێکی گەورەی کێشە و گرفتەکانی عێراق پێک دەهێنێت کە نزیکەی100 بۆ152 هەزار شەڕکەری هەیە.عێراق شایەدی ئەوە بوو کە حەشدی شەعبی دوای شەڕی داعش لە گۆڕەپانی

سـەربازیی و سیاسـیدا خەریکـی دەسـتێوەردان لە کاروبـاری عێـراق بـوون. کۆتـایی هـاتنی داعـش سـەرەتایەکی نـویێ بـۆ ئەو هێـزانە هەژمـار کـرا، نەك هەر هەڵنەوەشـانەوە و تێکـەل بە سـوپای عێـراق نەبـوون، بەڵکـوو بـوون بـە ناسـنامەیەکی نوێـوهێزێکی بەهێـز لە دژی حکـومەتی عێـراق.(O'Driscoll, Dylan, and Dave Van Zonin. 2017: p9-11) بەشـێك لەم هێـزانە پەیوەنـدییان بە بیروبـاوەری ویلـایەتی فقهـی ڕێـبەری ئێـرانەوە هەیە و ڕۆڵـی خۆیـان بە سـەرووی نەتەوەیـی دەزانـن کـە هاوپەیمـانێکی سـتراتیژی و پێکهاتـەی سـەرەکی سـتراتیژی ئێـران لـەم ناوچەیـەدا کـە ڕۆڵییـان لـە رووبـەرووبونەوەی ئـەمریکا لە عێـراق و سـووریا هەیـە. ناکۆکییـەکان بـەردەوامن لـە کاتێکـدا لایەنـە چەکـدارەکان بەردەوامـن لە دژایەتیکردنـی هەر چاکسـازییەکی بنەڕەتـی کە دەتوانێـت زیـان بە بەرژەوەنـدی و تێڕوانـی ئـەوان بگەیەنێـت(Al-Hashemi, Hisham).

ئەم بـابەتە بووەهـۆی نـاکۆکی نێـوان لایەنەکـان و کـاریگەری نـەرێنی خسـتە سـەر کارکردنیـان و هـەروەها بـووە هۆکـاری ئـەوەی کـە هێزەکـانی شـەرکەری حەشـدی شـەعبی هاوکـاری لەگەڵ سـوپای شـەڕکەری ئەبـاس، سـوپای شـەڕکەری ئیمـام عەلـی، لیـوای ئەنسـار و مورجـەعیە و لیـوای عەلـی ئەکـبەردا بکـەن، هەمـوو ئەمانـەش پەیوەنـدیان لەگەڵ هێزەکـانی حەشـدی شـەعبی پچڕانـد و بـۆ ئەوەی پشـت بـە فەرمانـدەی گشـتی هێـزە چەکـدارەکانی عێـراقەوە ببەسـتن. میلیشـیا چەکـدارەکان دۆخێکـی ئـاڵۆز لە ژینگـەی سیاسـی و ئەمنـی عێراقـدا دروسـت دەکەن.(AL-Qaysi, A.M.M., Bozkurt, A. and Ates, Y., 2023. A Case, p.2-19.) سـەرکردەکانی حەشـدی شـەعبی مـووچەی حکـومەت وەردەگـرن، بەڵـام لە دەرەوەی دەسـەڵاتی حکـومەتی عێراقـدان. لە چاوپێکەوتنێکـدا لە ئەیلـوولی2020، حەیـدەر عەبـادی، سـەرۆك وەزیرانـی پێشـووی عێراق،ڕایگەیانـد لە60%شـەڕکەرەکانی حەشـدی شـەعبی لە لیسـتی مـووچەی حکومەتـدا سـەربازی بنـدیوارن، واتە ناویـان هەیە و بوونیـان نییـە. پەرەسـەندنی گـروپە چەکـدارەکان لە دەرەوەی دەسـەڵاتی حکـومەت گەورەتـرین هەرەشـەیە لەسـەر سـەقامگیری عێـراق. ئەم هێـزانە لـە ڕێگـای گەنـدەڵی و چالـاکی تاوانکـاری ئاشـکرا وەك قاچـاخ، ڕفانـدن و بەرتیـل وەرگـرتن ئـەنجام دەدەن وڕاسـتەوخۆ پشـتیوانی لە سـوپای

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاسدارانەوە وەردەگرن. میلیشیا سەرەکی ئێران (کتائب حزب الله) سوێندیان خوارد کە چەکەکانیان رادەستی حکومەت ناکەن"، ئەم بەیاننامەیە لە لایەن مستەفا کازمی، سەرۆك وەزیرانی ئەوکات، وەك شەڕلە دژی نەتەوەی عێراق پێناسە کرا .(Lawlor, Katherine. 2020: p21-25).

سەربەخۆیی کردار و دارایی دەرەکی و ملکەچبوونی هێزەکانی حەشد بە فەرماندە تایفیەکانی دەرەوەی سوپای نیشتمانی عێراق، کێشە سیاسیەکانی عێراقی زیاتر ئاڵۆز کردووە. هەبوونی هێزێکی سەربازی بەهێزو ژمارەیەکی زۆر چەکدار بەشێك لە پڕۆسەی لاوازی حکومەت لە عێراق دادەنرێت، تەنانەت لە زۆرێك لە ناوچە سنوورییەکانی ولاتدا، بە زاڵبوون بەسەر سنوور و داهاتە سنوورییەکان، دەسەڵاتی حکومەتیان لەم ناوچانەدا دووچاری ئاڵنگاری کردووەتەوە .(Mansour, Renard. 2017: p9-17)بوونی ئەم هێزانە وەك سوپایەك لە بەرامبەر سوپای نیشتمانی عێراقدا نیشانەی نەبوونی حکومەتێکی بەهێزە لە عێراق هەژمار دەکرێت و لاوازی و شکستی حکومەت لە دوای داعش زیاتر بە هۆی هێرشی میلیشیا شیعەکانەوە بووە. دەسەڵاتی هێزە خۆبەڕێوەبەرەکان و دوریاسا ناوەروکی تیۆری دەوڵەتی شکستخواردوو پێکدەهێنن، کە ژیانی دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی کرداری پەیوەستە بە ژیان و کردەوە وێرانکەرەکانی ئەو جۆرە گروپانە. بێ گومان شکستی دەوڵەت و نەبوونی سەروەرییەکی هەمەلایەنە لە عێراقی دوای سەدام بەستراوەتەوە بە چالاکی ئەم هێزانە .

**٣_٥ _میلیشیا سوننەکان**

میلیشیا شیعەکان تاکە گروپ نەبوون کە گرژیی تایفەیان بۆ پەرەپێدان بە تێروانینەکانی خۆیان بەکار هێنا. گروپە چەکدارەکانی سوننە سوودیان لە تاکتیکەکانی توندوتیژی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بینیوە کە بەسەر چەند کۆمەڵەیەك دابەش دەبوون: ١-ئەوانەی بە بۆنەی سیاسەتی ریشەکێش کردنی بەعسەوە لە حکومەتی نوێی عێراق دەرکران. ٢- چەکدارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی قاعیدە. ٣- سەلەفییە نەتەوەخوازەکان. ٤- سەلەفییە

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەروونەتەوەخوازەکان.(Gonzalez, Nathan. 2013: p127)

سوننە یاخی بووەکان، سەرەڕای پاڵنەر و ڕێکخراوە جیاوازەکانیان، لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە هێزیان پێ دەدرا. لەسەر ئاستی کرداری کە بە داگیرکردنی وڵات و ئەو توندوتیژی کە لەلایەن ئەمریکاوە سەری هەڵدابوو تووڕە بوون و لە لایەکیتر وڵاتەکەیان لە لایەن هێزێکی بیانی(ئێمپریال)داگیرکراوە. گروپەکانی وەک قاعیدە، پاڵنەرەکانیان لە ئایدۆلۆژیایەکی ئاینیەوە ئاراستە کرد و داگیرکردنی عێراق وەك هێرشێکی جیهانی لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر خاکی ئیسلام و ئیسلام لێکدەدرێتەوە.( Hashim, A.S., 2013)

بەگشتی زۆربەی سوننەکان لە لایەن حکومەتی نوێی عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانانەوە پەراوێز خران وهاوپەیمانەکان زیاتر متمانەیان بە شیعە و کورد هەبوو. بوونی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق، نەك هەریارمەتیدەر بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری، بەڵکوو بۆیە هۆی کوشتنی ژمارەیەك ئەمریکی و شیعە .(Gonzalez, Nathan. 2013: p118) بنەمای ئایدۆلۆژیای قاعدە بە وتنی(شیعەکان کافرن)، بەرەوپێشچوو و سوودیان لەو ناوچانە کە مەیلی تایەفیان بۆ قاعیدە هەبوو بینی.کردەوەی گروپە میلیشیاکان بەڕوونی ئاماژەیە بە توندوتیژی نەتەوەیی-ئاینی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. عێراق وڵاتێکە جگە لە هێزە کوردییە شەرعیەکان، کۆمەڵێك گروپی میلیشیای زۆر و کۆنترۆڵ نەکراوی هەیە کە لە ساڵی2005وە هەرەشەیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق کردووە.میلیشیا شیعە و سوننەکانی عێراق بە شێوەیەکی کاریگەر نکۆڵییان لە بەکارهێنانی قۆرخکاری هێز لە لایەن حکومەتەوە کردووە. شکستی دەوڵەت و لاوازی سەروەری لە عێراق پەیوەستە بە جۆڵەی هێزی میلیشیای شیعە و سوننە کە دەسەڵاتی حکومەتی بەرامبەر بەو هێزانە لاواز کردووە.

**٦_داعش**

رووخانی ڕژێمی بەعس دەرفەتی پەرەپێدان و پەرەسەندنی میکانیزمی دامەزراوەیی گرنگ بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی لە عێراقدا ڕەخساند و بڕیاردرا کە پرۆسەی

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیموکراسی عێراق لەسەر بنەمای ڕۆژئاوا ڕێکبخرێت. نوخبەی دەسەڵاتدار، بە پلاندانان بۆ کۆمەڵێک سیاسەتی گشتی، هەندێك گروپ و هێزی چەکداری سوننەیان لەدەسەڵات دوورخستەوە و لەڕووی سیاسیەوە پەسەندکردنی فیدراڵیزم بۆ کورد و ناوەندگیری شیعە لە بەغدا، نائومێدی لەنێو گروپە سیاسی و سەربازییەکانی سوننەی عێراق زیاترکرد .(Sullivan, Marisa. 2013; p28-33)پرۆسەی تایەفی بە پشتگوێخستنی داواکاری گروپە سیاسیەکان و سەرکوتکردن و دەستگیرکردنی سەرکردە سوننەکان لە عێراق لە ساڵی2007و ستراتیژیەتی ڕەتکردنەوە و لاوازکردنی عەرەبی سوننەی کردە پرۆژە. نەبوونی گروپەکانی بە ناو سەحوە لە پێکهاتە سەربازییەکان، سەرکوتکردنی چەندین هێزی وەك قاعیدە و بەعسییەکانی پێشوو، شەپۆلێکی بەرفراوانی نائومێدی لەنێو گروپی سەربازی سوننەدا دروستکرد . سەرکەوتنی ئەم کارە کاتێك بوو کە پرۆسەی سیاسی نوێ لە ساڵی2010دا سەرەڕای سەرکەوتنی لیستی ئەلعێراقیە لە هەڵبژاردنەکاندا، گروپە شیعەکان ڕێگریان لە پێکهێنانی حکومەت لەلایەن گروپی سوننەوە کرد. بێزاری عەرەبی سوننە لە بەغداوە بووە هۆی ئەوە کە بە پشتبەستن بە دەستوور و بیرۆکەی فیدرالیزم و زیادکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکانی سوننە وەك دوایین چارەسەر پەیڕەو بکەن. ئەم بیرۆکەیە و هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی، کاردانەوەی زۆرەملێی بەغدا و حکومەتی مالیکی بەدوای خۆی هێنا-(Ottaway, Marina, and Danial Kaysi. 2012: p9 .(14 شکستی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و راکێشانی عەرەبی سوننە بۆ ناو پێکهاتەی سیاسی و ئابووری ئەو بیرۆکەیەی لای عەرەبی سوننە زیندوو هێشتوتەوە کە میکانیزم و ڕێکارە دیموکراسیەکان شکستی هێناوە و لایەنی شیعە باوەڕیان بە قبوڵکردنی یاساکانی دیموکراسی لە وڵاتدا نیە. دوای بەدی نەهێنانی ئامانج و ئارەزووەکانی گروپە سوننەکان لە مامەلەکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، داعش وەك هەڵبژاردنی گروپە سیاسی و سەربازی سوننە،ڕێبازێکی چەکداری بۆرووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی حکومەتی ناوەندی لە ناوچە سوننە نشینەکان لە عێراق پەیڕەوکرد(Katzman, Kenneth. 2015: p1-14).

فاکتەرەکانی فشار لەسەر سوننە زاڵن بە سەر فاکتەرەکانی تر وەك پەیوەندی گۆنجاو و

سوودی مادی، هەبوونی فاکتەرەکانی فشار بۆ هاندانی گروپی سوننە بۆ توندوتیژی، نەدەکرا پشتگوێ بخرێت(O'Driscoll, D., 2019). دامەزراوە سەربەخۆەکان، بارودۆخی ئابووری گونجاو، پەسەندکردنی یاساکانی دیموکراسی، زامنکردنی فرە کولتووری و سیاسی، پابەندبوون بە کەسایەتی و ئەکتەرەکانی دیکە، کۆنترۆڵکردنی گرژییە سیاسییەکان، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی کارا و بەهێزن کە عێراق لە سەرەتای دروستبوونی پێکهاتی سیاسی نوێ بەدەست نەبوونی دەناڵێنێت. شکستی حکومەتی عێراق لە پەیڕەوکردنی یاساکانی دیموکراسی، دەستبەسەرداگرتنی زۆرێك لە دامەزراوە سیاسی و مەدەنیەکان لەلایەن گروپە شیعەکانەوە، بێتوانایی حکومەت لە پاراستنی ئاسایش و کۆنترۆڵکردنی گرژییەکانی نێوان شیعە و سوننە و بێتوانایی حکومەت بۆ تێگەیشتن لە دۆخێکی ئابووری لە ناوچەی سوننە بناغەی سەرهەڵدانی داعش و شکستی حکومەتی دابین کرد. میلیشیا و هێزە چەکدارەکان کە توانای بەکارهێنانی توندوتیژیان هەیە، بە ئاسانی دەتوانن قۆرخکاری دەسەڵات لە حکومەت بسەننەوە. قەیرانی شەرعیەت و ناکارامەیی حکومەت لە ناوچەی سوننە و شکستی ڕێکارە دیموکراسیەکان لە عێراق بووە هۆکاری ئەوەی کە داعش ببێتە شوێنی کوبونەوەی گروپە چەکدارە جیاوازەکان و بەرەنگاربوونەوە و دارمانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ناوچەکانی عێراق کە گەورەترین زیانی بەپێکهاتەی حکومەتی عێراق گەیاند. پشتیوانی عەرەبی سوننە بووە هۆی دامەزراندنی داعش لە ناوچە داگیرکراوەکان، کە بەهۆی رزگاربوونیان لە جیاکاری دەسەڵاتی پێشوو پێشوازیان لە داعش و بە کۆکردنەوەی هێزی چەکداری، ئاهەنگی رزگاربوونیان لە دەستی حکومەتی عێراق گێڕا. داعش وەک ڕێکخراوێکی ڕزگارکەر شکستی بە بونیادنانی دەوڵەتی شیعە لە عێراقدا هێنا (Theo Oosterveld, Willem, and Willem, Bloem 2017: p1-2). هەر بۆیە بەهۆی هێرشەکانی داعش، سوپا لە زۆر ناوچەکانی عێراق ڕووجخا و تەنانەت هێزێکی زۆری حکومی چوونە پاڵ هێزەکانی داعش و دەکرێت بلێین کە هۆکاری ڕووخانی سەروەری نیشتمانی و شکستی دەوڵەت لە شارە سوننە نشینەکانی عێراق بوو.

داعش دەرئەنجامی کۆدەنگی نوخبەی سەرکردەکانی عێراق لەسەر بنەمای بەدواداچوون بۆ ئامانجی نەتەوەیی و ئاینی بوو. سەرکردەکان وەك بزوێنەری سەرەکی عێراقی نوێ، لە بری پەیرەو کردنی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی، لەسەرهێڵەکانی تایفەگەری پاشەکشەی دیموکراسی عێراقیان نیشاندا. حکومەتی عێراق وەك حکومەتێکی مۆدێرن لە پێناو قۆرخکردنی بەکارهێنانی دەسەڵات لە چوارچێوەی سەروەریدا دواکەوت و رووبەڕووی لێکترازان بوو. لە سایەی دامەزراوە لاوازەکانی حکومەت و دابەشبوونی دەسەڵاتی نیشتمانی، گروپە میلیشیاکان وەك پەناگەیەکی سەلامەت بۆ خزمەتکردنی خەڵك قەبووڵ کران و تایفەگەری باڵادەستی بەسەر ناسنامخەی گشتی عێراقیدا سەپاند.

هێزی سەربازی سەربەخۆ وەك گۆڕاوێکی ناوخۆیی لە کۆمەڵگای دوای ململانێدا گرنگی تایبەتی هەیە کە سەرکەوتن و شکستی دەوڵەت پشت بە کرداری ئەو هێزانە دەبەستێت.عێراق لە دوای سەدام رووبەرووی بزوتنەوەی چەکداری گروپە میلیشیاکان بوو کە هەڕەشەی لە دەسەڵات و کارایی حکومەت دەکرد. هەرچەندە حکومەت لە هەوڵی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی وڵات بوو، بەڵام دامەزراوەکان لەلایەن گروپە چەکدارە تیرۆریستەکان هەڕەشەیان لێکرا و زیانیان بەرکەوت. بێ گومان داعش لە عێراق بووە هۆی داڕمانی سەروەری دەوڵەت و دۆخی لاوازی دەوڵەتی بەرەو شکستێکی تەواو برد. حکومەتی شکستخواردووی عێراق، لە دوای هاتنی داعش، بە کردەوە شکست و داڕمانی خۆی لە ناوچە سوننە نشینەکان لە رووی ناوخۆیی بینی.

## دەرئەنجام

لاوازبوونی سەروەری عێراق و چڕبوونەوەی ناکۆکی نێوان هێزەکانی گورەپانی سیاسی، پاشخانێکی مێژوویی هەیە کە دەکرێت ئاماژە بە لێکترازانی مێژوویی نێوان کورد-عەرەب و شیعە-سوننە بدەین. ململانێی نێوان پێکهاتەکان ئەوەی خستە روو کە عێراق بەدەست لێکترازانی ئاینی و نەتەوەیی دەناڵێنێت ، جەختکردن لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئایینی ، دەوڵەتی لە ئاست جێبەجێکردنی کارە تایبەتەکانی رووبەرووی شکست کردوە . حکومەت لە بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاینی( تاکە کەسی) کار دەکات کە ئەم جۆرە فاکتەرانە یەکگرتوویی حکومەت و سەروەری دەوڵەتی لە عێراقدا

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لاواز کردووە . چالاکی میلیشیاکانی شیعە و سوننە لە عێراق دەسەڵاتی هێزە چەکدارەکانی لە عێراق تێکشکاند و بە کردەوە چالاکییەکانی حکومەت لەلایەن ئەو هێزانەوە سنووردار کرا و حکومەتی عێراق سەروەری گشتگیری نەبوو کە ئامانجی فراوانکردن و پەرەپێدانی دەسەلات لە ناوچەکانی وڵاتدا بوو. لاوازبوونی سەروەری دەوڵەتی عێراق لە ژێررۆشنایی گروپە میلیشیاکان ، دەسەڵاتی سەربازی و ئاسایشی دەوڵەتی رووبەرووی شکست کردووە .

شکستی پرۆسەی دیموکراسی و بەرهەمهێنانی تایەفەگەری هۆکاری لاوازی دامەزراوەی نەتەوەیی لە عێراق بوو، نەبوونی سەربەخۆیی دامەزراوەیی و جەختکردنەوە لەسەر بەرهەمهێنانی سیستەمێکی تایەفی لە وڵاتدا شکستی حکومەتی لەڕووی سەربەخۆیی دامەزراوەییەوە ئاشکرا کرد. گەندەڵی لە سیستەمی سیاسی و دامەزراوەکانی وڵات یەکێک لە گەورەترین فاکتەرەکانی کاریگەر لە سەر لاوازی سەروەری دەوڵەتی عێراق و شکستی دەوڵەت هەژمار دەکرێت کە سەروەت و سامانی وڵاتەکەیان بۆ بەهێزکردنی بنەمای نەتەوەیی و حزبی لە دژی بەرژەوەندی گشتی خەرج کرد. کۆدەنگی گروپە چەکدارەکانی سوننەو هاوپەیمانەتیان لە شێوەی گروپی داعش ، دوایین گورزی لە یەکرپزی دەوڵەت و نەتەوە لە عێراقدا ، بە شێوەیەك کە داگیرکردنی زۆرێك لە ناوچەکانی عێراق لەلایەن ئەم گروپانە ، رۆخانی سەروەری دەوڵەتی عێراقی مسۆگەر کرد. دەولەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی شکستخواردو و ناکارامە، رووبەرووی رۆخانی سەروەری نیشتمانی لە زۆرێك لە ناوچەکانی وڵاتدا بووەوە . سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆر لە میلیشیا شیعەکان، چڕبوونەوەی ململانێی کورد و عەرەب لە کاتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و سەرهەڵدانی ململانێ ناوخۆیی لە کەمپی شیعەکان چەند فاکتەرێکی نوێی لاوازی سەروەری دەوڵەتی عێراق لە کاتی شەڕی داعش و دوای شکستی داعش هەژمار دەکرێن. لێکترازانی کورد و عەرەب زیانی بە یەکگرتویی و پێکەوە ژیانی نەتەوەیی لە عێراق گەیاند و دەرکەوت کە لە دەوڵەتی عێراق یەکرپزی نەتەوەیی بوونی نییە. کردەوەی میلیشیای شیعە و زەوتکردنی سەروەری دەوڵەت لەو ناوچانە کە لەدەست داعش رزگارکرابوون، قەیرانی سەروەری دەوڵەتی زیاتر ئاشکرا کرد. جەختکردنی بێردوزانی

تئـــوری دەوڵـــەتی شکســـتخواردو لەســـەر نـــاکۆکی نەتەوەیـــی-ئـــاینیی ، ڕۆڵـــی میلیشـــیاکان، دەســـتێوەردانی ئەکـــتەرە دەرەکیەکـــان، گەنـــدەڵی، نەبـــوونی ســـەربەخۆیی دامەزراوەیـــی و هتـــد. . . ئەوە نیشـــان دەدات کە عێـــراق لـــە دوای ســـەدام حســـین هەمـــوو ئەو فاکتەرانـــەی کـــە هۆکـــاری ل‌دوازی ســـەروەری وڵاتـــە تێـــدایە کـــە پێکهێنـــانی سیســـتەمی سیاســـی ســـنووردار بە زاڵبـــوونی بەرژەوەنـــدی نەتـــەوەیی و تایـــەفی، هـــەبوونی نـــاکۆکی مێژوویـــی نێـــوان پێکهاتـــەکانی عێـــراق دووپات دەکاتەوەوە.

**سەرچاوەکان:**


1- نه جار.(2021). چون سیاسیانه بیر بکه‌ینه‌وه .زنجیره کتێبی گوڤاری گولان ، 19

2- حاجی یوسـفی، & حسـین زاده. (1397). شـکنندگی دولت و نابسـامنی جامعه عراق،بسـتری برای بحران امنیتی و ظهور و گسترش داعش. فصلنامه افاق امنیت، 11،(38)

3- سمیعی‌اصفهانی, & نوروزی‌نژاد. (2013). دولت-ملت سازی بین المللی و خشونت سیاسی در عراق جدید. *پژوهش نامه ایرانی سیاست بین الملل*, *3*(2), 95-121.

4- عطار, سعیدی راد, & رسولی ثانی آبادی. (2018). تحلیل نهادی دولت‌های ورشکسته در خاورمیانه. *فصلنامه مطالعات راهبردی*, *21*(80), 135-158.

5- فولر. (1383).شیعیان عراق . فصلنامه شیعیه شناسی.

6- کاظمی.(1395). خیزش های هویتی، دولت های شـــکننده و بحران های ژئوپلیتکی خاورمیانه. فصلنامه ژئو پلتیک،13(1).

1. *Abdul Wahab Mohammed AL Jawad. And the others. (2019).Corruption and Its Economic and Social Impacts on Iraq's Economy Developmental Reality, International Journal of Innovation, Creativity and Change. Volume 8, Issue 11.*
2. *Ahmed, M.M. (2010). America Unravels Iraq: Kurds, Shiites, and Sunni Arabs Compete for Supremacy. Mazda Publishers.*
3. *Al Qais, Majid. (2020). The Necessary Military Steps to Defeat the Remnants of ISIS in Iraq", situational assessment, International Strategic and Political Research Centre. Last accessed 5/9/2023.https://bit.ly/2AOkwQ8*
4. *Al-Hashemi, Hisham. The Conflict over Loyalty and Mariyah within the Popular Mobilization Forces. Last accessed 5/9/2023https://bit.ly/2MG4ISh*

5. *Al-Hashimi, Hisham. (2020). "The Conflict over Loyalty and Marja'iyya within the Popular Mobilization Forces. Last accessed 5/9/2023 https://bit.ly/2MG4ISh.*
6. *Alshinawi, A. (2014). State-building in Iraq since 2003: the Challenges and Lessons. Jean Monnet Occasional Paper No. 12/2014.*
7. *Bartu, P. (2010). Wrestling with the integrity of a nation: the disputed internal boundaries in Iraq. International Affairs, 86(6).*
8. *Bellini, M., 2012. Identity Warfare: Constructions of National Identity and the Rise of Sectarian Violence in Modern Iraq, Honors Thesis Collection*
9. *Cammett, M. (2013). Democracy in post-invasion Iraq. Watson Institute for International Studies Research Paper, 2014-23.*
10. *Cole, J. (2014). Enter the Ayatollah: Sistani Calls on Iraqis to Enlist in Fight Against 'Terrorists'. Informed Comment, 14.*
11. *Dodge, T. (2013). State and society in Iraq ten years after regime change: the rise of a new authoritarianism. International Affairs, 89(2).*
12. *Dodge, T. (2013). State and society in Iraq ten years after regime change: the rise of a new authoritarianism. International Affairs, 89(2).*
13. *Dodge, T., Kaya. And the others. (2018). Iraq synthesis paper: understanding the drivers of conflict in Iraq, LSE Middle East Centre Report*
14. *Gonzalez, N. (2013). The Sunni-Shia conflict: understanding sectarian violence in the Middle East. Nortia Media Ltd.*
15. *Guthrie, E. (2018). Saving the "Cubs of the Caliphate". Fair Observer. https://www.fairobserver.com/region/middle_east_north_africa/iraqi-youth-countering-violent-extremism-isis-middle-east-latest-news-65241/*
16. *Haley Bobs Eine. (2022). Iraq: A crisis of elite, consensus-based politics turns deadly September 15, 2022.*
17. *Hama, H.H. and Jasim, D. (2017). The loss of disputed territories: What is next for the Kurdistan region? Middle East, 21(2).*
18. *Hashim Ahmed. (2009). Iraq's Sunni Insurgency. Abingdon, U.K.: Routledge for the International Institute for Strategic Studies.*
19. *Howard, T., (2016). Failed states and the origins of violence: A comparative analysis of state failure as a root cause of terrorism and political violence. Routledge.*
20. *Jackson, R.H. (1990). Quasi-states: sovereignty, international relations and the Third World (Vol. 12). Cambridge University Press.*
21. *Karam, Patricia. (2020). Can Iraq with the war on corruption? The Hill.*
22. *Katzman, K. (2015). Iraq: Politics, security, and US policy, Washington: Congressional Research Service. Vol. 22.*

23. *Kuoti, Y. (2018). Anti-Corruption Efforts in Iraq. Middle East Research Institute, vol.4, no1.*
24. *Lawlor, K. (2020). Iraq is fragile, not hopeless: How Iraq's fragility undermines regional stability. Institute for the Study of War, United States of America.*
25. *Lobolo, Gordon and Michel R. Gordon. (2020). U.S. to Cut Troop Presence in Iraq by About One-Third, Officials Say." Wall Street Journal. Last accessed 5/9/2023. www.wsj.com/articles/u-s-to-cut-troop-presence-in-iraq-byabout- one-third officials-say-11598625823.*
26. *Luciani, G., Hanelt, C.P. and Neugart, F. (2004). Regime change in Iraq: the transatlantic and regional dimensions.*
27. *Mansour, R. and 'Abd al-Jabbār, F. (2017). The popular mobilization forces and Iraq's futurer. Washington, DC: Carnegie Endowment for International Peace. Vol. 28.*
28. *Mansour, R. (2016). The Sunni Predicament in Iraq, Washington: Carnegie endowment for international peace. Vol. 3.*
29. *Mansour, R. (2017). Iraq after the Fall of ISIS: The Struggle for the State, Chatham House.*
30. *Morris, L. (2017). How the Kurdish independence referendum backfired spectacularly. The Washington Post, 20.*
31. *O'Driscoll, D. and Van Zoonen, D. (2017). The Hashd al-Shaabi and Iraq: Subnationalism and the state.*
32. *O'Driscoll, D. (2017). Autonomy impaired: Centralisation, authoritarianism, and the failing Iraqi state. Ethnopolitics, 16(4).*
33. *O'Driscoll, D., Fazil, S., Ardovini, L., Maddah, M. and Bourhrous, A. (2022). Reimagining the Social Contract in Iraq.*
34. *Oosterveld, W.T. And the others. (2017). The rise and fall of ISIS: From evitability to inevitability. The Hague Centre for Strategic Studies.*
35. *Ottaway, M. and Kaysi, D. (2012). The state of Iraq. Carnegie Endowment for International Peace. Vol. 2*
36. *Park, W. And the others. (2017). Field Notes: On the Independence Referendum in the Kurdistan Region of Iraq and Disputed Territories in 2017, Kurdish Studies, 5/2, October, 199–214.*
37. *Rotberg, R.I. (2003). Collapsed States, Weak States: Causes and Indicators". When States Fail: Causes and Consequences. Princeton University Press, New Jersey, USA.*
38. *Sardar Husin Aziz (2022). Iraqi Kurdistan's Political Landscape After The 2021 Elections, last accessed 5/9/2023, https://library.fes.de/pdf-files/bueros/amman/19741.pdf p 1*

39. *Shakor, R. (2020). Ethnicity-Based Political Instability in Iraq after 2003. Lectio Socialis, 4(2).*
40. *Sullivan, M. (2013). Maliki's Authoritarian Regime. Washington, DC: Institute for the Study of War.*
41. *Tran, M. and Weaver, M. (2014). Isis announces Islamic caliphate in area straddling Iraq and Syria. The Guardian.*
42. *Williams, P. (2011). Organized crime and corruption in Iraq. In Peace Operations and Organized Crime. Routledge.*
43. *Wimmer, A. (2003). Democracy and ethno-religious conflict in Iraq. Survival, 45(4).*
44. *Yoo, J. (2011). Fixing failed states. California Law Review.*

---

## Internal political conflict and sovereignty of the Iraqi state after 2005

**Prof. Dr. Salih Omar Issa**
College of Political Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Emai: salih.issa@su.edu.krd

**Sayran Mohammed Saleh**
Department of Political Sciences, College of Political Sciences, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: sayran.saleem@su.edu.krd

***Keywords:*** *Political Tension, Sovereignty of state, Iraq, Hashdi Shabbi, Corruption, Democracy, ISIS*

## Abstract
The fall of the Ba'ath regime in Iraq, after years of rule, resulting from the invasion by US forces and their allies, provided an opportunity to initiate change and establish an appropriate mechanism for developing a new Iraq and democracy for the new Iraqi society and rulers. The rise to power of the Shiite and Kurdish communities, along with the marginalization of the Sunni community, marked the onset of internal political conflicts post-Saddam Hussein's regime. It's crucial to mention the role of ethnicity, which contributed to the weakening of Iraq's state sovereignty.

The significance of this research lies in its ability to shed light on hidden and lesser-known perspectives regarding the recurring structural and internal conflicts in Iraq. This understanding can help identify and address internal issues and guide a comprehensive national policy. The research hypothesis posits that internal political conflicts among Iraq's communities are the root cause of its transformation into a failed state, which, in turn, negatively impacts the sovereignty of the Iraqi nation-state.

The research employs a descriptive content analysis method, exploring the cause-and-effect relationship where the independent variable (internal political conflicts) influences the dependent variable (sovereignty of the Iraqi state). Data was collected from scholarly journals, libraries, and the internet, and their evaluation was based on the theory of failed states.

In conclusion, it becomes evident that conflicts between communities contribute to the weakness and inefficiency of national institutions. This weakness prevents these institutions from fulfilling their crucial roles in serving the public interest and upholding the democratic process. Furthermore, it fosters corruption and allows certain factions to wield power above that of the state, ultimately undermining the sovereignty of the Iraqi state post-2005.

---

## الصراعات السياسية الداخلية وسيادة العراق بعد 2005

**ملخص:**

إسقاط النظام العراقي من قبل القوات الامريكية و التحالف الدولي . أدى الى ترسيخ فرصة لتغير نظام الحكم وتحقيق الديموقراطية امام الشعب و السلطة.ولكن وصول الشيعة والكورد الى السلطة وتهميش السنة و ابعادهم من السلطة. اصبح بداية للصراعات السياسية الداخلية.

نشير الى الصراعات السياسية الداخلية مما ادى الى صراعات طائفية و مذهبية التي أثر سلبا على سيادة العراق و أضعافه

گۆڤاریقەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) –ژمارە(٤ )، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أهمية هذا البحث يظهر في انه يلقي الضوء على العوامل و الاسباب الكامنة التي أدى الي خلق الصراعات السياسية الداخلية في العراق . و جهدا مساعدا لتحديد و فهم اسباب المشاكل الداخلية . و الاشارة الى ضرورة ممارسة سياسة عامة متفق عليه في العراق.

توقعات البحث اشارة الى ان الصراعات السياسية والطائفية الداخلية بين المكونات قد تؤدي الى فشل السلطة في تحقيق الأمن و حماية المصلحة العامة . واضعاف سيادة الدولة.

منهج البحث: مارسة الباحث منهج تحليلي لاسباب و نتائج و أبعاد الصراعات السياسية الداخلية و آثاره.

اعتمد الباحث كمصدر. على المجلات العلمية والمكتبات والمصاددر الالكترونية . و تقيم المعاير على اساس عملي و واقعي في الدول المثيلة

في النتيجة يمكن القول بأن الصراعات بين المكونات سبب رئيسي لعدم فعالية المؤسسات الوطنية وعدم قدرتها على تنفيذ القرارات وحماية المصلحة العامة و فشل العملية الديمقراطية و انتشار الفساد و ميليشيات مختلفة التي سلطتهم تفوق سلطة الدولة ، و اخيرا اضعاف سيادة العراق بعد سنة 2005